# بیٚ هەڵویٚستی ئیسلامییەکان لە بەرامبەر هەڕەشەکانی تورکیادا

سۆران جەمال

ئەوەی ئیٚستا لە کوردستانی باشور زیاتر لە هەموو شتیٚکی دیکە قسەو باسی لیٚوەدەکریٚت مەسەلەی هاتن و نە هاتنی جەندرمەکانی تورکە بۆ داگیر کردنی خاکی پیرۆزی کوردستانی باشور، لەو ڕووە وە هەموو هیٚزەکانی کوردستان و خەڵکی کوردستان لەبەردەم پرسیٚکی گەورەو گراندان ئەویش پرسی چۆنیەتی بەرەنگار بووەنەوەی ئەو هیٚزەداگیرکارانەی تورکیایەو پیشاندانی نارەزاییە لە بەرامبەریاندا.

ئەم هەڵوٚیستە بۆ لە دژ وەستانی هاتنی جەندرمەکانی تورك مەسەلەیەکە نابیٚت هیچ لایەك بیٚدەنگ بیٚت لە ئاستیدا و پیٚویستبەوە دەکات ئەوەندەی قوربانیدان و لە دژ وەستانی دەویٚت هەموو کوردیٚکی پیٚشکەوتوو خوازرو کوردستان دۆست لە ئاستیدا هەلویٚستی هەبیٚت. بەلاٚم جیٚگای داخە کە بە ئاشکرا دەبینین کە هیٚزە ئیسلا میەکانی باشور واتە بە تایبەت یەکگرتووی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و پشتیوانانی ئیسلام نەك هەربیٚدەنگن لە ئاست هاتن و نەهاتنی سوپای تورکیادا بەڵکو بە جۆریٚك لە جۆرەکان ڕیٚگا بۆ هاتنی جەندرمەکانی ڕەجەب تەییب ئەردۆغان و عەولاٚ گول خۆش دەکەن و لە ژیٚر پەردەی ئیسلامی بوونی دەسەلاٚتی ئیٚستای ڕژیٚمی تورکیا پاساوی عەنتیکە عەنتیکە دەهیٚننەوە. ئەم بیٚدەنگ بوونەی ئیسلامیەکانی باشوری کوردستان نەك هەر دەبیٚتە مایەی ڕق و بیٚزاری خەڵکی کوردستان بەلاٚم هەموو ماناکانی بەستنەوەی ئەو هیٚزانە بە کوردو کوردستانەوە مایە پوچ دەکاەوە. دەبیٚ هیٚزە ئیسلامیەکانی کوردستان بە کام عەقڵیەت و بەکام لۆژیکەوە خۆیانلە ئاست ئەم مەساە چارەنووس سازەدا بیٚدەنگ کردبیٚ ؟ ئەمانە ئەو پرسیارە حەقانیانەن کە خەڵکی کوردستان ئاراستەی هیٚزە ئیسلامیەکانی دەکات. بۆ دەبیٚت ئیسلامیەکانی کوردستان لە کاتی دەرچوونی پارتی عەدالەت و گەشەپیٚدانی تورکیا کە ڕەوتیٚکی ئیسلامیانەی هەیە شاگەشکە بیانگریٚت و چوکلیٚت و شیرینی ببەشنەوە بەلاٚم لە هەمان کاتتدا لە هەمبەر هەڕەشە شۆڤینیەکانی تورکیادا بۆ ناردنی جەندرمە و داگیرکردنەوەی خاکی کوردستاندا بیٚدەنگ ڕاوەستن و بنەمای ( ÇÖÑáÇ ÉãÇáÜ ÊæßÓáÇ) جیٚبەجیٚ بکەن ؟ ئیتر خەڵکی کوردستان وەلاٚم و هەڵویستی لەم هیٚزو گروپە ئیسلامییانە دەویٚت. . . . . . . . .

## تیٚبینی کوردستان نیٚت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بیٚت، کە بۆچونە (کوردستان نیٚت)ە، بەلاٚم بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاٚویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕیٚز و خۆشەویستیماندا بۆ پاریٚزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕیٚگەیە.
ئەم تیٚبینیە لە ژیٚر هەموو نووسینیٚکدا دەنووسریٚت..... 15-1-2003